www.kurdistannet.org
19-10-2003 23:45

## دیداری مامۆستا سیروان کاوسی لەگەل عەبدوڵلا پەشێوی شاعیردا #

زۆربەی هەرە زۆری زانایان و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەو باوەڕەدان کە مان و نەمانی ئەمجارەی کورد بەستراوەتەوە بەم بارودۆخە سیاسییەی ئەوڕۆکەی باشووری کوردستان.بەشداریکردنی کورد لە دەوڵەتی نوێی عیراقدا، فیدراڵی یا سەربەخۆیی، کامەیان ڕێگەچارەی ڕاستەقینەن بۆ کورد؟! لە پێوەند لەگەڵ ئەم باسەدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شاعیری خاوەن هەڵوێست و بە نێوبانگی کورد مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو کرد

**پ** : بەڕێز مامۆستا پەشێو ، بە باوەڕی ئێوە، کورد چی بکا تا بتوانێ ئەم دەستکەوتەی ئەوڕۆکەی باشووری کوردستان بپارێزێ و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ببات؟

**و** : کوردی باشوور، وەك هەر گەلێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیرادەی لە دەست خۆی نییە.ڕاستییەکەی، دەیان ساڵە چارەنووسی کەوتۆتە دەست چەند حیزبێکی تۆتالیتاری پاشماوەی مۆدیلی حیزبی بەلشەڤیکی سۆڤیەتی.ئەمەش هەر چارەنووسی ئێمە نییە، بەڵکوو هی هەموو گەلانی ناوچەکەیە، کە تێیدا حیزب لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی هەردوو کولتووری کۆمۆنیزمی ئەرتۆدۆکسیی ڕۆژهەڵاتی و کولتووری بابسالارانەی توندگری ئیسلامی وەبەر هاتووە. چەند عەلیێڤی ئەزربایجان و سەفەر نیازۆڤی تورکمانستان ...گونیان بە گەلەکانیان چووە سەرکردەکانی ئێمەش هەر هێندە.بۆیە ڕاستتر بوو بپرسیت ( سەرکردایەتیی دوو حیزبەکە چی بکەن باشە ؟).

سەرکردەی حیزبەکانی ئێمە هەموویان هی زەمانی شەڕی ساردن و بەکردەوە لە جەوهەری ئەو هەموو گۆڕانکارییە قووڵ و بنەڕەتییانە ئاگادار نین، یا نایانەوێ ئاگادار بن، کە بەسەر دنیادا هاتوون. حیزبەکانیان لە هەلومەرجی نهێنی و «خەباتی خوێناوی» دا ساز کراون و خۆشیان لە کۆنگرەکاندا بە چەپڵە هەڵبژێردراون. پلە و پایە بەپێی دووری و نێزیکی لە گەورەی حیزب دەبەخشرێ. سەرکردە لە هەڵە مەعسوومە و لێپرسینەوەی بۆ نییە. میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەناو خودی حیزبدا دەگمەنە یا هەر نییە.لە هەلومەرجی وادا، زوو یا درەنگ، حیزب ستروکتووری مافیا وەردەگرێ.

لە جیهانی سێیەمدا، تەنیا کوتەك دەزانێ قۆناخ لە کوێیە. تا گەلی کورد فێری بەکارهێنانی ئەو کوتەکە نەبێ بێ فایدەیە.ئەگینا ئەوە بزاڤی باشووری سوودانی ئۆتۆنۆمیخوازیش فێری میتۆد و پرۆتۆکۆلاتی موفاوەزات بوو، کەچی ئەوانەی ئێمە تا ئێستاش هەر لە ئاستی ماچوموچ و موجامەلەی بۆش و بەتاڵدان لەگەڵ داگیرکەرانی ولاتە ئەنفال و کیمیاباران کراوەکەیاندا.باس هەر باسی عیراق و برایەتیی کوردی بندەست و گەلانی سەردەستە. جارجار ، بەتایبەتیش کە تەماشای تەلەفزیۆنە عاجباتییەکانی حیزبەکان دەکەم، کە سەرنجی ئەو هەموو کلکەلەقێ و پاڕانەوە و مامەحەمەییە دەدەم، عەرەبم بە مەغدوور دێتە بەرچاو، وا هەست دەکەم کە کورد عەرەبی ئەنفال کردووە و مافی ئەوی زەوت کردووە!

سەرکردەی حیزبەکان چۆن لە ١٩٩١ دا بە فیکەیەکی سەددام ڕایانکردە بەغدا و بەو ماچوموچە ناشارستانییەیان ناموسی خۆیان و گەلی قوربانیدەری خۆیان برد، ئەمجارەش، دوای دوازدە ساڵان، بە هەمان شێوە، وەك نەدیوبدی ڕوویان کردە بەغدا لەباتی ئەوەی تەرکیز بکەنە سەر ولاتی خۆیان و تا حوکومەتی داگیرکەری بەغدا پێك نەهاتووە، بەزووترین کات لە سەر هەر بستەعەردێکی کوردستان یەك حوکومەت و یەك لەشکر پێکبێنن و گەرماوگەرم داگیرکەران لە کوردستان وەدەر نێن و هەلبژاردنەوەی پەرلەمانە ئێکسپایەرەکە بکەن و پاشان وەك کیانێکی دیفاکتۆ لەگەڵ حوکومەتی دوارۆژی بەغدا بکەونە گفتوگۆ.

ئێمە لە ئەلقەیەکی بۆشی نەفرەتیدا دەسووڕێینەوە و لێی دەرناچین.وەك گوتم، کاروبار لە دەست سەرکردەی حیزبەکانە.ئەوانیش دیوارێکی ئەستووری وایان بەدەورەدا هەڵچنراوە کە لێچوونەژوورەوەی ئاسان نییە.یەك ڕێگا هەیە: ئەویش هەژاندنی شەقامەکانی کوردستانە. بەکارهێنانی کوتکەکەیە! بۆ ئەمەش پێویستت بە میدیا هەیە، بەتایبەتی تەلەفزیۆن.ئەمەش بەدەست حیزبەکانەوەیە! مەبەستم لە ئەلقەی بۆش ئەمەبوو.ئەگەر وانەبایە، دەکرا بە پشتەوانیی میدیایەکی کوردستانی و لە ڕێگەی هارووژاندنی شەقامەکانی کوردستانەوە فشار بخرێتە سەر حیزبەکان و ناچار بکرێن مل بدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی حوکومەتێکی تێکنۆکرات کە هەموو

١

www.kurdistannet.org
19-10-2003 23:45

ناوچە تازەڕزگارکراوەکانیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. دوای ئەمە لە ڕێگەی ئەو دەزگایە شەرعییانەوە و بە پشتگیریی سەرجەم خەڵکی کوردستان داوای پیادەکردنی ڕیفێراندوم بکرێ.

**پ : داهاتووی بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبینی؟ کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە شێوەیەکی هاوکاری بکرێتەوە، وەك بەرەیەکی کوردستانی؟**

**و :** خۆدزینەوە لە مەسەلەی ڕەوای بەشەکانی تری کوردستان لە قازانجی نەتەوەی کوردا نییە.بەداخەوە، سەرکردەی حیزبەکانی باشووری کوردستان خۆیان و گەلەکەیان لە وزە و دەنگی پارچەکانی تری کوردستان بێبەش کردووە. بەمەش، کارتێکی گرنگی تاکتیکی و ستراتیژیك لە دەست دەدەن.
ئەمریکا ستراتیژی خۆی هەیە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە پێویستە گۆڕانکاریی گرنگ لە ستروکتوری جوگرافی، سیاسی، کولتوری، سەربازیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکا.ئەوەی لە هەمووان زێتر بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا هەیە و لەگەڵ ئەو ستراتیژەدا دەسازێ نەتەوەی کوردە. گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عیراق ئەڵقەی یەکەمی پیادەکردنی ئەو گۆڵانکارییانەیە. لێرەدا کورد پێویستە قورسایی خۆی نەشارێتەوە.کوا تۆ گەلێکی ماندووی چوارپێنج ملیۆنی بیت لە سەر ڕووبەرێکی بچووکی چەند ئیدارەیی، کوا نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بیت لەسەر ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر؟ ئایا ئەمە نەك هەر بۆ کورد خۆی، بەڵکو بۆ ئەمریکایەکیش ،کە داروبەردی ناوچەکەی دوژمنە، وەك یەکە؟نەخێر!
کوردی بەشەکانی تری کوردستان قوربانییەکی زۆریان داوە لە پێناو باشووری وڵاتەکەیان. کەچی، مخابن، هیچ کاتێك هاریکاریی سەرکردایەتیی حیزبەکانی باشوور لە ئاستی ئەو قوربانییانەی ئەوان نەبووە.ئێستاش نەچووە بچێ.دەرفەت زۆرە بە خۆمان و دنیای نیشان بدەین کە ئێمە، هەرچەند پارچەش کرابین ، یەك نەتەوەین . دەتوانین ئەمە بکەین بێ ئەوەی دنیا لە خۆمان بهاروورژێنین. دەکرێ لە شتی بچووکەوە دەست پەبکەین.هەر بۆ نموونە: دەتوانرێ هاریکاریی برایانی لێقەوماو و ڕەشوڕووتی باکوور بکرێ لە کامپی مەخموور، بێ ئەوەی گوێ بدەینە پاشخانە سیاسییەکان.دەکرێ لەگەڵ ئەمریکاییەکان گفتوگۆ بکرێ لەسەر چارەنووسی چەکدارەکانی( ك د ك ). ڕاستە، لە ساڵانی ڕابردوودا و ئێستاش (پ ك ك) هەڵەی گەورەی کردووە و ئێستاش هەر دەیکا، بەڵام هەر هاوچارەنووسین و لێك نابینەوە.هەروا، دەکرێ ئاوڕێك لە چارەنووسی برایانی ڕۆژهەڵاتمان بدەینەوە کە لە کەمپەکانی ڕومادیدا لە دژوارترین بارودۆخدا دەژین.من لە شتە بچووکەکانەوە دەست پێ دەکەم و بەرەو شتە گەورەکان هەڵدەکشێم. خۆگێلکردن لە مەسەلەی بەشەکانی تری کوردستان بەهێزمان ناکا، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بێبەشمان دەکا لە قوڵاییە جوگرافی و بەشەرییە خۆڕسکەکەی خۆمان و کارتێکی گرنگی فشارخستنە سەر وڵاتانی دەوروبەر و دنیاشمان لەدەست دەدا.
تورکیا هەموو ڕۆژێ دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عیراق وەردەدا بە ناوی پاراستنی مافی خزمە تورکمانەکانی. باشە، خۆ سەرکردەکانی ئێمە قوڕیان بەدەمدا نەدراوە جارێك بڵێن: ئەو مافانەی چەند هەزار تورکمانێکی کوردستان هەیانە، ئێمە داوا دەکەین تورکیا هەمان ئەو مافانە بداتە بیست ملیۆن کوردی برا و هاوخوێنمان لە کوردستانی بندەستی خۆی. بۆچی تورکیا یاری بە کارتی چەند هەزار تورکمانێکی کوردستان دەکا بە ناهەق، کەچی ئێمەی لەسەر هەق یاری بە کارتی ملیۆنان هاوخوێنی خۆمان ناکەین؟تا کزۆڵە و دەمچەفت و خۆبەکەمزان بین داگیرکەران زێتر و زێتر لێمان دەبنە کەڵەگا!

**پ: ئایا سازکردنی دەوڵەتێکی نوێ لە عیراق بۆ کورد و عەرەب و تورکمان بە زیانی کێشەی کورد تەواو نابێ؟**

**و :** بە باوەڕی من کارەساتی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی عیراقیدا لە چەند کەسێکی وەك سەددام و عودەی و قوسەیەوە نایێ، بەڵکوو لەو کولتوورەوە دێ کە ئەمانی خوڵقاندووە. ئەو کولتوورە لە بەرگی بیری نەتەپەرستیی عەرەب و ئیسلامیزمی سیاسییدا خۆی دەنوێنێ. زۆر جارانیش ئەو دوو تەوژمە تێك دەکەنەوە و دەبن بە دوو فۆرم بۆ یەك ناوەرۆك. بە هۆی ئەم کولتوورەوە ، چەند دوڕگەیەکی گچکەلانەی لێ دەرچێ، شەقامی عەرەبی بۆتە دەریای شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستی و خۆبەزلزانی. دەیانەوێ بە شارستانیی بەلاغەی عەرەبی بەربەرەکانیی شارستانیی ڕۆژاوا بکەن!
بیری نەتەوەیی عەرەبی ، لە وڵاتێکی وەك عیراقدا، هیچ مانایەکی نییە جگە لە تواندنەوەی نەتەوەی کورد و هەڵلووشینی خاکەکەی. عەرەب، لەبەر ئەوەی زۆرینەیی عیراقە، پێویستی بە خۆپاراستن نییە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و توانەوە.ئەوەی پێویستی بە میکانیزمی خۆپاراستن هەیە گەلی کوردستانە.لەبەر ئەوە، بە هیچ شێوەیەك، جائیز نییە بڕیارە چارەنووسسازەکان بۆ خەڵکی عیراق بەجێ بهێڵین.
هەر لە سەرەتاوە نەدەبوایە سەرانی دوو حیزبەکە وەك حیزب دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبدا بکەن.وەك پێشتر و زۆر جاری تریش گوتوومە دەبوایە وەك نوێنەرانی کوردستان، لە ڕێگەی هەیئەتێکی شەرعییەوە، بە

پشتبەستن بە جەماوەری کوردستان، لەگەڵ سێنتەردا گفتوگۆ بکەن، نەك وەك دوو حیزبی موعارەزە لەناو دەیان حیزبی عیراقیدا! بەم شێوەی ئێستا هیچ تایبەتمەندییەك بۆ «هەرێم!!!» ی کوردستان نەماوەتەوە. هەر بە هەمان میکانیزمی دیمۆکراسی زۆرینەی عەرەب دەتوانێ کەمینەی کورد بخاتە پەراوێزەوە.
کاتی ئەوە هاتووە لەوە بگەین کە کێشەی ئێمە هەر لەگەڵ سەددام نەبووە، هەر لەگەڵ دیکتاتۆیەت نەبووە، بەلکوو لەگەڵ خوودی پێکهاتەکەی عیراق و کولتووری هەزاروچوارسەد ساڵی ناوچەکەیە...دەوڵەتی عیراق، لە ڕۆژی دامەزرانییەوە، هەموو هێزوتوانای ماددی و مەعنەویی خۆی بۆ لەناوبردنی خەلکی کوردستان بەکار هێناوە.بۆیە، دەبوایە ئێمە وەك کیانێکی دیفاکتۆ، بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە شایەدیی لایەك، یا چەند لایەکی نێونەتەوەیی مەسەلەکە یەکلا بکەینەوە.ئێمە هەشتا ساڵ ئەزموونمان هەیە. ژنمان لە یەك تەلاق نەداوە تا بە دوو قسەی خۆش و ماچوموچێك مەسرەت بکەین و تاوانەکانی دەسەلاتی ڕەگەزپەرستی عەرەب لەبیر کەین.

**پ** : پارتی و یەکێتی باس لە فیدراڵی دەکەن لە عیراقدا، بۆ ئەوەش هیچ پرسێك بە کورد ناکەن.گەلی کورد چۆن دەتوانێ کێشەکەی خۆی بەرەو ڕووی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوە؟

**و**: ئەو شتانەی لەسەرەوە باسم کردن بۆ حاڵەتێك دەشێن کە باوەڕمان بە سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی بێ لە عیراقدا.من، بەش بە حاڵی خۆم، لەو باوەڕەدا نیم کە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریی زۆرینەی خەلکی عیراق ماوەی بەدیهاتنی ئەو خەونە بدات. ئەوەتا، هەر لەئێستاوە (مەجلیسی حوکمی کاتی) کەوتۆتە هەوڵوتەقەلای گێڕانەوەی عیراق بۆ باوەشی «نیشتمانی عەرەبی» و خەلکی عیراق بە عەرەب و کوردستان بە «شیمال» ناوزەد دەکەن و تایبەتمەندییەکانی لێ دادەماڵن.تەنانەت سەرکردەی هەندێ حیزبی کوردیش ناماقوولیی وایان کردووە و دەکەن.باسی تەڕاتێنی بەعسییەکانی ناو میدیای «هەرێمی کوردستانی عیراق!!!» یش هەر ناکەم!
تا هاتنی ئەمریکاییەکان بۆ عیراق و کوردستان حیزبەکانی ئێمە خۆشیان، بە کردەوە، باوەڕیان بە فیدراڵی نەبوو.زۆر جار گوتومە، فیدراڵی زۆربەی ڕەمز و نیشانەکانی دەوڵەتی تێدایە.پەرلەمان، حکوومەت، ئاڵا، ئارم، سروودی نیشتمانی، سنوور، دەستووری لۆکاڵ، بودجە...هتد. ماوەی دوازدە ساڵ زۆر شت لە دەست خۆمان بوو.بەلام هیچمان نەکرد، چونکە لە بنەڕەتدا سەرکردایەتی حیزبە کوردییە عیراقییەکان باوەڕیان بە هیچ جۆرە کیانێکی تایبەت نییە بۆ گەلی کوردستان. هەمیشە مەسەلەی باشووری کوردستانیان بە مەسەلەییەکی ناوخۆیی عیراق زانیوە. بۆیە ئەمڕۆ پەڕۆی حیزب لەباتی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەشەکێنەوە، خوا نەبیرێ خاوەنی دوو سروودی نیشتمانین!، سنووری کوردستان تا ئێستاش بە ڕوونی باسی ناکرێ و سەرکردەکان هەر منجە منج دەکەن. هیچ دەستوورێکیان بۆ ئەو بستە عەردە دانەنا کە دوازدە ساڵە حوکمی دەکەن، نەك هەر بودجە دیار نییە، بەلکو کەلەگایانە حیزبەکان دەستیان بەسەر داهاتی قەومیدا گرت و هیچ دەزگایەکی کوردستانیی یەکگرتوویان نەهێشت ( یەکیەتی نووسەران و کۆڕی زانیاری و سەندیکا و ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکان....). لە ئەنجامی شەڕی کوردکوژانەی ئەو دوو حیزبەدا ژیانی میلیشیایی بووە سیمای دزێوی کوردستان.تەنات لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا، لەگەڵ ئەو هەموو باسەی دێموکراسی و مەدەنییەت، نەیانتوانی سیستەمی بانك و پۆستەش لە «هەرێم» ەکانیان دامەزرێنن. پەیوەندیی ئەو چەند شارەی کوردستان لەگەڵ یەکتردا زەحمەتتر بوو لەوەی هەیە لە نێوان کۆریای باکوور و باشووردا! نوختەی گومرگ و پشکنین وەك خەنجەرێکی ژەهراوی کەوتە نێوان زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان.
سیستەمی فیدراڵی پێویستی بە لێوردبوونەوەی چەند مۆدیلێك هەیە بۆ کەلك لێ وەرگرتن.ئەو مۆدیلانەش لە گۆترە و بە گوێرەی زەوق هەلنابژێردرێن. بەلکوو بە گوێرەی لێکچوونی بارودۆخی ئێمە و ئەوان.بۆ نموونە ئۆتۆنۆمیی سوێدییەکانی فینلاند لە هەندێ ڕووەوە زۆر کەلکی هەیە.هەروا سیستەمی فیدراڵیی سویسرا و بەلجیکا و کەنەدا. پێش هەموو شتێك لەبەر پاشخانی مەسەلەی نەتەوەیی لەو ولاتانەدا.
ئایا هەشتا ساڵی پێکەوە ژیان توانی گەلی عیراق بخولقێنێ؟ توانیی هەستی خۆ بەعیراقی زانینی کورد دروست بکا؟ چ زەمانەتێك هەیە کە لەمەودوا ئەو هەستە دروست دەبێ، ئەگەر هەر لە ئێستاوە دان بە هەموو تایبەتمەندییەکانماندا نەنرێ؟ هەڵبەتە ئێمە خۆمان ،لە ڕێگەی فشەحیزبە کوردییەعیراقییەکانەوە، ڕۆلێکی ناجوامێرانەمان یاری کردووە لە پشتگوێخستنی ئەو تایبەتمەندییانە و نەخوێندنەوەمان.کەسایەتی لاواز و دەمچەفتیی سەرکردایەتی، موجامەلە و پیاوەتیکردن لەسەر حیسابی شتە هەرە جیددییەکان، تایبەتمەندییەکانی کوردیان خستۆتە پەراوێزەوە.کێ قەدەغەی کردووین سەربلندانە ناوی ولاتی خۆمان بێنین؟ بۆچی میدیای حیزبەکان سەریان لە کورد و دنیا شێواندووە؟
دەلێن پارەی عیراقی چاپ دەکرێ، نازانم ئەندامە کوردەکان پرسییان، ئاخۆ بە کام زمان لەسەری دەنووسرێ؟ پاسپۆرتی عیراقی دەردەچێ، هەمان پرسیار کرا؟ لە هەموو ولاتە دێموکراتە فرەنەتەوەییەکاندا ئەمە بە وردی ڕەچاو دەکرێ. بۆ نموونە لە فینلاند تەنانەت ناوی کووچەو کۆلانەکانی سەراپای ولاتیش بە هەردوو زمانی ڕەسمیی فینلەندی و سوێدییە.هەروا، ئایا لە دەستووردا ڕێ دەگیرێ لە لێشاوی عەرەبان بەرەو کوردستان؟ میکانیزمێك بۆ ڕاگرتنی باری دیمۆگرافیی کوردستان لە دەستووری عیراقدا دەچەسپێ؟ بۆ نموونە لە فینلاند

3

هیچ فینلاندییەك ناتوانێ عەرد یا خانوو لە دورگەی ئۆلاند بكڕێ كە تێیدا ٢٥ هەزار سویدی ئۆتۆنۆمییان هەیە. ئێمە لەناو دەریایەك عەرەبدا دەژین و ئەزموونێكی تاڵمان لەگەڵ تەعریبدا هەیە.دەبێ بە ڕاشكاوی ئەو مەسەلەیە لە دەستووردا یەكلا بكرێتەوە. دەبێ بە ئاشكرا و بێ منجەمنج دژی ئەوە بین عەرەب بە ئاسانی ببێتە هاووڵاتی عیراقی و دووجاریش دژی ئەوە بین لە كوردستان نیشتەجێ بكرێن.ئەمە باری دیمۆگرافیی كوردستان و عیراق دەگۆڕێ.

**پ** : ئایا ڕێفێراندوم دەتوانێ چارەسەریی كێشەی كورد لە باشووری كوردستاندا بكا؟

**و** : دەمێكە ڕۆشنبیران و ڕێكخراوە كوردستانییەكان باس لە ڕێفیراندوم دەكەن.ڕەنگە لەم ڕووەوە كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان پێشەنگ بێ، هەروا پارتی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق چەند ساڵێكە بانگەشە بۆ ئەو مەسەلەیە دەكا، نەك هەر هێندە بگرە گۆڤاریكیشیان هەر بەم ناوەوە هەیە. پرۆفیسۆ جەمال نەبەز لە زۆر موناسەبە پێی لەسەر ڕێفێراندوم داگرتووە و بە شێوەیەكی زانستیانە شیی كردۆتەوە.منیش، بەش بەحاڵی خۆم لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە لە زۆربەی كۆڕە شیعرییەكاندا باسی پێویستیی ئەنجامدانی ڕێفێراندومم كردووە. لە ٢٠٠٢/١٠/٣٠ لە هەولێر، لە كۆڕێكی فراوانی جەماوەریدا، جەختم لەسەر ئەوە كرد كە دەبێ گەلی باشووری كوردستان ، لە ڕێگەی ڕێفێراندومەوە، خۆی بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكان بدا... هەروا، مانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٣ هەڵبژاردەیەك لە نووسەران و ڕووناكبیرانی دەرەوەی وڵات بەیانێكمان دەركرد دەربارەی هەڕەشەكانی توركیا لەسەر باشووری كوردستان ، كە تێیدا باس لە وەئاگاهێنانی خەڵكی كوردستان كرابوو بۆ ئەنجامدانی ڕێفیراندوم. لەو نووسەر و كەسایەتیبیانە، جگە لە برای بچووكتان كە داڕشتنی بەیانەكەی پێ سپێردرا، مامۆستا پشكۆ نەجمەددین، د.مەحموود عوسمان، د.جەبار قادر، د.بورهان یاسین، د.ڕەفیق سابیر، د.ڕێبوار فەتاح و چەند زاتێكی تر بەشدارییان كرد. بەیانەكە لە هاووڵاتی و هەندێ سایتی ئینتەرنێتدا بڵاو كرایەوە.بەم دواییەش هەندێ نووسەر و ڕووناكبیری سەر بە یەكێتی نیشتمانیی كوردستان هاتنە دەنگ.

مەسەلەی ڕێفێراندوم ڕەوایە، جا هەر كەسێك و هەر لایەك داوای بكا، بە مەرجێك كەسانی پاك بن و حەساسییەتی هیچ لایەك نەهاروژێن. پێشتر دەورێكی باشیان دیبێ لە تەباكردنی هێزە سیاسییەكانی كوردستان و داردەست و فەرمانبەری هیچ حیزبێكی براكوژ نەبووبن.گەر پیاوخراپ خۆی بكاتە ڕیشسپیی ئەو دۆزە پیرۆزە ئەوا نەك هەر قازانجی نابێ بەڵكوو دەبێتە هۆی ساردكردنەوەی خەڵكیش. كەسانێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشدارییان كردبێ لە هاندانی ڕەشوڕووتی كورد بۆ یەكترقڕكردن نابێ شەرەفی دەسپێشكەریی كارێكی وا پیرۆزیان بدرێتێ. لێرەدا بە گشتی قسە دەكەم و مەبەستم هەموو ئەو زاتانە نییە كە خۆیان بە خاوەنی ئەم كارە دەزانن. بێگومان زۆر كەسی پاك و دڵسۆزیشیان تێدایە.
ئەگەر پارتی و یەكێتی پێكەوە ئەو كارە ئەنجام نەدەن هیچی لە جێ شین نابێ. چونكە هەر كارێك ئەم بیكا ئەوی تر دژی دەوەستێ. هەردووكیان خەریكی گۆڵ كردنن لە یەكتر. ئەوەی ئاگاداری مێژووی چل ساڵی دوایی كوردستان بێ ئەو شتە باش دەزانێ. یا دەبێ هەردووكیان بیكەن (كە قەت نایكەن!) یا دەبێ خەڵكی كوردستان بڕژێنە سەر شەقامەكان و سەركردەكان بخەنە ژێر فشار و ناچاریان بكەن ملكەچی ئیرادەیان بن.
مادام باسی ڕێفیراندوم دەكەین، دەبێ ئەوەش بڵێم كە كۆمەڵێك پێشمەرج هەن بۆڕێفیراندوم.ئێستا ، لەم بارودۆخەدا، بێ زەمینەخۆشكردن ئەنجامدانی ڕێفێراندوم مەحاڵە.پێش ئەوە دەبێ:

١– هەر سێ ئیدارەی كوردستان، هەولێر و سلێمانی كەركووك ، لەگەڵ شوێنەكانی تر ، كە ئێستا بە ڕەسمی سەر بە ئیدارە عیراقن، ببنە یەك ئیدارە.
٢ ـ لە سەرتاسەری باشووری كوردستاندا سەرژمێری ئەنجام بدرێ.
٣– هەڵبژاردنی پەرلەمان بكرێ ، ئەمیش حوكومەتێكی تێكنۆكرات و كارزان دەستنیشان بكا، بۆ ئەوەی لە كوردستاندا مەرجەعییەتێكی دانپێدانراو هەبێ، كە لە دەرەوە و ناوەوە ڕێزی لێ بگیرێ و حیسابی بۆ بكرێ و نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان بكا.
٤ – پەرلەمانێكی پشتئەستوور بە ئیرادەی خەڵكی كوردستان، دەتوانێ هەنگاو هەڵێنێ بەرەو ڕێفیراندوم.

من گومانم هەیە كە حیزبەكان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە بهاوێژن. نەك لەبەر ئەوەی نایانەوێ، بەڵكوو لەبەر ئەوەی هەزارویەك ئیلتیزاماتیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر. هەزارویەك بەڵێنیان بە ئێران و تۆران داوە كە دڵسۆزی یەكێتی خاكی عیراقن! بۆیە، دیسان دەیڵێمەوە، تاكە ڕێگە وەئاگاهێنانی شەقامی كوردستانە.ئەوەی تا ئێستاش بەتەمایە پارتی و یەكێتی، بەو ململانێیە، كوردستانی بۆ ڕزگار بكەن، با بۆ خۆی سیر بخوا و زوڕنا لێدا.

4

تێبینی كوردستان نێت:

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.**